ڕۆژی گەل

# هەواڵ هەواڵ

## فێرخوازێکی شەشی ئامادەیی دەسووتێ

ڕۆژی٩-٥-٢٠٠٧ کچێکی فێرخواز، تەمەن ١٩ ساڵ بە ناوی (ڕێزان.غ) دانیشتووی شاری هەولێر، بەهۆی ڕەوشی نالەباری خوێندن ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدات و خۆی دەکوژێ.

بنەماڵەی قوربانیەکە هۆکاری خۆکوشتنەکە بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە کچەکەیان تەنیا کێشەی خوێندنی هەبووەو لە ڕەوشی خوێندن نیگەران بووە، ئەمەش کاریگەری لەسەر دەروونی داناوە، بەوهۆیەشەوە لە ژیان بێ هیوا بووەو خۆی سووتاندووە.

## ٣ کەس دەستدرێژی لە منداڵێک دەکەن

ڕۆژی ٧-٥-٢٠٠٧ سێ فێرخواز بەناوەکانی (س،ج، ب) لەکۆمەڵگەی باسرمە بەزۆر کاری سێکسی لەگەڵ منداڵێکی تەمەن دوازدە ساڵ دا دەکەن، دوایی بەچەقۆ بریندارى دەکەن و بەجێی دەهێڵن، پاشان لەلایەن خەڵکەوە بۆ نەخۆشخانەی باسرمە دەگوازرێتەوە و چارەسەری بۆ دەکرێ.

منداڵەکە لەنەخۆشخانە بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوەو ناوی یەکێک لە تۆمەتبارەکان بە پۆلیس دەڵێ. بەوهۆیەوە پۆلیس شوێنیان هەڵدەگرێ و هەر سێکیان دەستگیر دەکات.

بۆ چارەسەرکردنی منداڵەکە چوار ملیۆن دینار لەکەس و کاری هەرسێ تاوانبارەکە وەردەگیرێ. کەس و کاری منداڵەکە لە مافی خۆیان خۆش نابن و داوا دەکەن کە دادگە سزای ئەو سێ کەسە بدات کە ئەو تاوانەیان ئەنجام داوە .

## کەسێک ٦٧٠ مار بەیەکجار دەکوژێ

ڕۆژی ١-٥-٢٠٠٧ وڵاتی (ع،ح) لەکاتی بەرد شکاندن لەنزیک بینای فەرمانبەرانی ناحیەی سمێلان دا شارێکی ماران دەدۆزێتەوە کە شەش سەد و حەفتا ماری تێدابووە، ئەویش بی ئەوەی لایەنە پەیوەندارەکان ئاگادار بکاتەوە هەر هومووویان دەکوژێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان مارەکان بەیەکەوە تۆپەڵ ببوون، درێژیان نزیکەی سی سانتیمەتر دەبوو، بەوهۆیەشەوە کوشتنیان ئاسان بوو.

## کچێک بریندار دەکرێ

ڕۆژی ٤-٥-٢٠٠٧ کچێکی تەمەن بیست ساڵ بەناوی (د،و) لەسەر کێشەیەکی خێزانی لەلایەن برایەکی خۆیەوە بەناوی (ج) وەبەر چەقۆ دەدرێ و بریندار دەکرێ، بەوهۆیەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەی ڕانیە دەکرێ.

شیاوی باسە برینی ئەو کچە سەختەو لەژێر چاودرێری پزیشک ڕاگیراوە، بەڵام تۆمەتبارەکە هەڵاتووەو خۆی ڕادەستی پۆلیس نەکردووە.

کێشەی کوشتنی کچان و ژنان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا کێشەیەکی گەورەو ترسناکە، تا ئێستا سەدان کەس بوونەتە قوربانی ئەو کێشەیە، کەچی لایەنە پەیوەندارەکان زۆر بە خەمساردیەوە لەو کێشەیە دەڕوانن.

## خێرا ڕۆیشتن مەترسی لەسەر گیانی وڵاتیان پێکدەهێنێ

ڕۆژی ٤-٥-٢٠٠٧ لەگوندی پلێنگانی دۆڵی سەرکەپکان لەئاکامی خێرا لێخوڕین ئۆتۆمبیلێک وەردەگەرێ و وڵاتیەک گیان لەدەست دەداو دوانیش بەسەختی بریندار دەبن.

لەلایەکی دیکەوە هەر هەمان ڕۆژ لەسەر ڕێگای چوارقورنە-ڕانیە لەئەنجامی پێکدادانی دوو ئۆتۆمبیل سێ وڵاتیی بریندار دەبن.

ئەوەی شیاوی باسە بەهۆی خێرا ڕۆیشتنی ئۆتۆمۆبێلەکانەوە ڕۆژانە کوردستانیان دووچاری کارەساتی دڵتەزێن دەبنەوە، زیان بە سەرو ماڵیان دەگات. تەواوی هۆکارەکانیش بۆ خراپی ڕێگەوبان و نەبوونی تابلۆی ڕێنوێنی پێویست دەگەڕێنەوە، تەنانەت لەو پیوەندیەدا وڵاتیان گلەیی و گازاندە لە لایەنە پەیوەندارەکان دەکەن و بە کەمتەرخەمیان دادەنێن .

## کچێک دەرفێندرێ

ڕۆژی ٥-٥-٢٠٠٧ لەگەرەکی ئازادی شاری ڕانیە، کچێکی تەمەن دە ساڵان فێرخوازی قۆناغی سەرەتای لەلایەن چەند کەسانێکەوە کە ئۆتۆبیلێکی جۆری ئۆپلیان پێ دەبێ دەرفێندرێ، بەڵام منداڵەکە بەدەست بەستراوی خۆی لە ئۆتۆمبیلەکەوە فڕێ دەدات.

بەپێ وتەی منداڵەکە دوو کەس کە بەعەرەبی قسەیان کردووە هەوڵی ڕفاندنی ئەویان داوە، دواتریش خۆیان بە بارەگای یەکێک لە حزبەکاندا کردووە ، بەڵام تا ئێستا ئەو لایەنە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر گوتەی ئەو کچە نەداوە!

## لەسەر تەقەکردن دەستگیر دەکرێ

کاتژمێر ١٨,٤٠ی ڕۆژی ١١-٥-٢٠٠٧ لە گەڕەکی ڕزگاری شاری سلێمانی گەنجێک بە ناوی (ە.ئی) تەقەی هەوای دەکات، بەهۆیەوە ئاسایش ڕاوی دەنێن و دەستگیری دەکەن.

ئەو گەنجە پێش تەقەکردن بە فانیلەی نیوقۆڵ و شۆرتێک دەچێتە سەربان و سەیری کچان دەکات، ئەوانیش گاڵتەی پێدەکەن، ئەو بۆ خۆ هەڵکێشان دەچێ کلاشنکۆف دێنێ و ڕستەیەک گوللە بە هەواوە دەنێ، لە پێوەندی ئەو کارەشیدا دەستگیر دەکرێ و ڕەوانەی ئاسایش دەکرێ .

# نەمسا: نوێنەری بەرەی گۆڕان بەشداری لە ئاهەنگی یەکی ئایار دەکات

فدراسیۆنی ڕێزگرتن لەیەکی ئایار لەلایەن زۆرێک لە ڕێکخراو و پارت و کۆمەڵەکانی نەمسا بۆ جەژنی کرێکاران پێکهێنرابوو، کاتژمێر ١٠ تا ١٤ بە بەشداری دەیان هەزار کەس ڕێو ڕەسمی یەکی ئایاری بەڕێوەبرد، نوێنەرایەتی ئەورووپای (بەرەی گۆران) بەشێوەی فەرمی بۆ ئەم یادە لەلایەن فدراسیۆنەوە داوەت کرابوو. شاندی بەرەی گۆران لە هەڤاڵان"جەوهەر میراودەلی و شوان عومەر دکتۆر جەلال" و دەیان ئەندامی بەرەی گۆران بەشداری ڕێو ڕەسمەکەیان کرد، سەرەتا ڕێو ڕەسمەکە لە گۆرەپانی ئۆپێرای شاری ڤیەنا بوو، لەوێ ناوی هەریەک لە پارت و ڕێکخراوو کۆمەڵانە خوێندرایەوە، لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان دا ناوی بەرەی گۆران و هەردوو حزبی شیوعی عێراق و کوردستان خوێندرانەوە. پاشان لەئۆپێراوە ڕێپێوانێک تا بەردەمی پەرلەمانی نەمسا بەڕێوەچوو، لەوێش کۆڕێکی وتار خوێندنەوە بۆ نوێنەرایەتی باڵای هەموو پارت و ڕێکخراوەکانی شدار بەزمانی ئەڵمانی پێکهات، وتاری بەرەی گۆران لەلایەن "جەوهەر میراودەلی" پێشکەش کرا.

لەلایەکی دیکەشە هەر هەمان ڕۆژ حزبی کۆمۆنیستی نەمسا لە پارکێکی شاری نەمسا خوانێکی ساز کرد، ڕێزدار دکتۆر جەلال لەسەر ناوی بەرەی گۆران بەشداری تێداکردو وتاری پەیامی بەرەی خوێندەوە.

ئەمەش دەقی وەرگێردراوی وتارەکەی بەرەی گۆران کە لەڕێورەسمی یەکی ئایار لەشاری ڤیەنای نەمسا بە ئەڵمانی خوێندرابۆوە:

**هاورێ یانی خۆشەویست.**

نوێنەرە بەرێزەکانی پارت و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان! سەرەتا بۆ ڕێزگرتن لەگیان بەندکراوانی بزاڤی ئازادیخوازی و چیناتیەکانی نێونەتەوەیی سەری ڕێز دادەنەوێنین. پیرۆزبایی جەژنی یەکی ئایار لەئێوەی خۆشەویست و سەرجەم زەحمەتکێشانی جیهان پیرۆزبایی دەکەم،بەختەوەرم بەناوی بەرەی گۆران لە کوردستان دا بەڵێنتان بۆ تازە دەکەینەوە کەوەک هەمیشە پارێزەرەو تێکۆشەری ئامانج و واتاکانی ئەم ڕۆژ پیرۆزە نێونەتەوەییە دەبین و تا گەیشتن بە لووتکەی سەرکەوتن لەم کاروانەدا درێژە بەخەبات دەدەین.

**بەشداربووانی خۆشەویست:**

وەک زۆربەتان ئاگادارن و دەزانن ئێمەی گەلی کوردستان گەورەترین نەتەوەی سەر زەوین کەبێ ویستی خواستی خۆمان نیشتمانەکەمانیان پارچەو داگیر کردوە و بەدرێژایی دەیان ساڵ ڕژێمە سەر دەستە شۆڤێنیەکانی داگیرکەرانی گەلەکەمان بە دڕندانەترین شێوە دەچەوسێننەوەو لەهەموو مافە مرۆڤایەتییەکان بێ بەشیان کردووین، لەچەند ساڵی ڕابردوو یەکێ لەسەر سەختترین ڕژێمی کۆمەڵ کوژی گەلانی عێرق وکوردستان کە شۆڤێنی و سەدامی دیکتاتۆر بوو گۆربەگۆڕ کراو، لە شوێنی دا سیستەم و دەسەلاتێکی فیدراڵی لەعێراق دا دامەزراوە، ئێمە گەلی کوردستان لەم پارچەیە بەو پەری ئسوییەوە لەناو ئەم پرۆسەیەدا بەیەکەوە بەرەو ژیانی برایانەوە چووین، بەڵام بەداخەوە دەستوالایی وپیلانی ڕژێمە کلاسیک و شۆڤێنیەکەی ناوچەکە ئەم ئەزموونە تازەیەی عێراقیان خستۆتە ژێر هەرەشەی تیرۆرو تۆقاندن، بەداخەوە ڕژێمەکانی ناوچەکە لەشوێنی ئەوەی ئەزمون لەڕژێمی بەعسی سەدامی هاوکارو هاوشێوەیان وەربگرن، کەچی تائێستاش لەسەر نکوڵی کردن لەمافە ڕەوکانی کوردستانیان بەردەوامن و هەموو ئەو هەوڵ و دەستپێشخەریە ئاشتیخوازانەی گەلەکەمان ڕەت دەکەنەوە. لەم بۆنەیەدا بەدەرفەتی دەزانم ئەوە بەبیر هەموو لایەک بهێنمەوە، ئەو زوڵم و زۆرداریەی کە ئەمڕۆ لەسەر گەلی کوردستان بەڕێوە دەبرێ تەنها ڕژێمە ملهورەکان لێی بەرپرسیارنین بەڵکو بەشێک لەو بەرپرسیاری ئەو بێ دەنگی و خۆ کرکردنەی دەسەڵاتدارانی ئەورووپاو خۆرئاواش دەگرێتەوە.

چاو پۆشیکردن و بەهەند وەرنەگرتنی کێشەی کوردستان لەلایەن یەکێتی ئەورووپاو خۆرئاوا دەستوالاکردنی دەوڵەتە شەرەنگێزو گەندەڵ و کۆنەپەرستەکانە، بۆ بەردەوام کاری نائارامی لەڕۆژهەلاتی ناڤین و هێشتنەوەی هەرێمەکەیە بە دوا کەوتوویی و هەژاری بەش مەینەتی ئەوان تێیدا بەرپرسیارن.

لەم بۆنەیەدا، لەئێوە بەشداربووانی بەرێز داوای پشتیوانی و هاوسۆزی بۆ گەلی کوردستان و جوڵانەوەی شۆڕشگێڕیەکانی دەکەم، هیوای کامەرانی و ئاسوودەیی ئاشتی و بەیەکەوە ژیانی یەکسان بۆ مرۆڤایەتی دەخوازم .

جاریکی دیکەش جەژنی یەکی ئایار لە هەموو لایەک پیرۆز دەکەم.

**نوێنەرایەتی ئەورووپای بەرەی گۆڕان**
**٢٠٠٧/٥/١**

## یاسا لەژێر پێ دەنرێ و کچێک لەسەر بێشکە مارەی دەبڕدرێ

ڕۆژی ٧-٥-٢٠٠٧ کچێکی تەمەن یەک ساڵان بەناوی (م،ن) لەکورێکی تەمەن سێ ساڵان مارە دەکرێ.

مامۆستایێکی ئایینی،کچێکی گوندی سەربەحرەکەی دەڤەری ڕاپەڕین کلە تەمەنی تەنیا تیەک ساڵانە لە کورێکی سێ ساڵانە مارە دەکات. هەرچەندە یاسا ڕێگەنادات لە دەرەوەی دادگە و کەسانی ژێر ١٨ ساڵان مارە بکرێن، بەڵام لەسەر ڕێنوێنیەکانی شەریعەت ئەم کارە ئەنجام دراوە.

ئەوەی شیاوی باسە بەشێک لە مامۆستایانی ئایینی گوێ بە بڕیارەکانی حکومەت و یاساکانی دەوڵەت نادەن و لە دەرەوەی دادگە کوڕ و کچ لە یەکتری مارە دەکەن. یاخود بە بێ ڕەزامەندی ژن، ڕێگە بە پیاوان دەدەن کە ژنی دیکە بهێنن و لێشیان مارە دەکەن . تا ئێستا بەوهۆیەوە دەیان کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی پەیدابووە و ئاکامی خراپیشیان لێ کەوتۆتەوە، بۆیە لایەنە پێشکەوتنخوازەکان و ڕۆشنبیران داوا دەکەن کە ڕێگری لەو دیاردەیەدا بکرێ و سزای ئەو مامۆستایانەش بدرێ کە لە دەرەوەی دادگە ژن و پیاو لەیەکتر مارە دەکەن .

## ئەفسەرێکی سێ ئەستێرە هەوڵی ڕفاندنی ژنێک دەدات

ڕۆژی ٥-٥-٢٠٠٧ لە شارۆچکەی عەنکاوەی نزیک هەولێر، ژنێک چاوەڕوانی هاتنی تاکسی دەکات، بەڵام لەناکاو سەیارەیەکی تایبەت بۆی ڕادەوەستی و داوای لێدەکات لەگەڵیدا سەر بکەوێ، ژنە شۆفێرەکە ناناسێ، بۆیە لەگەڵیدا سوار نابێ.

سەرەتا شۆفێرەکە بە قسەی خۆش و بە بیانۆی هاوکاریکردن، دوایی پێداگری دەکات و دەیەوێ بە زۆر سواری بکات. بۆ دەربازبوون لەدەستی ئەو شۆفێرە ژنەکە هاوار دەکات و داوای هاوکاری لە خەڵک دەکات، ئاسایشێک بە هانایەوە دەچێت و یەخەی شۆفێرەکە دەگرێ، بەڵام شۆفێرەکە بێ منەتانە وەڵامی ئاسایشەکە دەداتەوەو ئامادە نابێ ناسنامەکەی پێبدات.

بەوهۆیەوە مشتومڕ لەنێوان شۆفێرەکەو ئاسایشەکە دروست دەبێ، خەڵک لێیان کۆ دەبنەوە، شۆفێرەکە بەبەرچاوی خەڵکەکەوە هەڕەشە لە ئاسایشەکە دەکات، دواتر ناسنامەیەک دەردێنێ کە وا پێشان دەدات کە بۆخۆی ئەفسەرێکی سێ ئەستێرەیە!! ئیتر ئاسایشەکە وازی لێدێنێ و ئەویش دەڕوات .

## نوێنەری پارتی یەکێتی کورد سەردانی بارەگای ڕزگاری دەکات



کاتژمێر ١٨ی ڕۆژی ٩-٥-٢٠٠٧ بەرێز عەبدولباقی یوسف ئەندامی کۆمیتەی سیاسی پارتی یەکێتی کورد لە سوریا، سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبمان، حزبی ڕزگاریی کوردستانی کردو لەلایەن هەڤاڵان ( ڕێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی و عومەر حەسەن کارگێڕی مەکتەبی سیاسی)ی حزب پێشوازی لێکرا. لە دیدارێکی برایانەدا باس لە ڕەوشی هەنووکەیی کوردستان و گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە کرد. هەردوولا هاوڕابوون کە دەبێ کوردستانیان و ڕێکخراوە سیاسیەکانیان هاو هەڵوێست و یەکریز ئامادەکاری بۆ هەر ئەگەر و پێشهاتێک بکەن.

هەردوو لایەن نیگەرانی خۆیان لە ڕەوشی ڕاگەیاندنی کوردستانی دیار کرد و هیوایان خواست کە دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ و ئازادی کوردستانی پێکبهێنرێ تا هەم هەواڵ و زانیاریەکان بە ڕاستی بە جەماوەر بگەیەنێ، هەمیش گەندەڵی و کێماسیەکان پێشان بدات .

نوێنەری پارتی یەکێتی کورد هیوای خواست کە بە زووترین کات نووسینگەی خۆیان لە باشووری کوردستاندا بکەنەوە

# هەواڵی سەیر

* بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی چەمچەماڵ داوای لەکارگێڕی فێرگە سەرەتاییەکان کردووە کە دەبێ ناوی فێرخوازەکان بە کۆپیتەر بنووسرێ و ڕەوانەی پەروەردە بکرێ، لەکاتێکا فێرگەکان کۆمپیتەریان پێنەدراوە، بۆ ئەم مەبەستەش پارەیان بۆ سەرف ناکرێ، هەروەها بڕیار دراوە کە پرسیارو کارە نهێنییەکان لەبازار کۆپی نەکرێ، کەچی زۆربەی بەڕێوەبەرەکان ناچارن نمرەی کۆششی ساڵانە لەبازار ڕاکێشن کەبەمەش ئەگەری ئاشکرا بوونی ئەنجامدانی نمرەکانی لێدەکەوێتەوە.

* ڕۆژی ٦-٥-٢٠٠٧ لە ئاوارەکانی پەنجا عەلی دوومال لەسەر ئاوی ماڵەکانیان بەشەڕ دێن و خەڵکێکی زۆر دەکەوێتە نێوانیانەوە، دواتر کێشەکەیان دەبەنە لای ئەنجومەنی گەرەکەکەیان، بەڵام کابرای ئەنجومەن چونکە بەبێ یاسایی خۆی زەوی بەیەکێکیان فرۆشتبوو، دەمی دەبێ بەتەڵی تەقیو، ناتوانێ چارەی کێشەکەیان بکات،دواتر کێشەکە دەگاتە پۆلیس و لەوێ چارەسەر دەکرێ.

* ڕۆژی ٧-٥-٢٠٠٧ لەگەرەکی کۆمەڵگەی جووتیارانی چەمچەماڵ ماڵی (م_ح) بۆ سەردانی بۆ کەرکوک دەچن، بەڵام ئێواری کە دەگەڕێنەوە، تەماشا دەکەن دز ماڵەکەیانی بڕیوە، پارەو زێڕو تفەگەکەیانی دزیوە. بۆ ئەو مەبەستە ئاگاداری پۆلیس دەکەنەوەو بەدواداچوون لەگەڵ هەندێ کەس دەکرێ، بەڵام ئێستا گومان پەیدابووە لەسەر ئەوەی کە پیاوی ماڵەکە دەستی خۆی لەو دزییەدا هەبێ، بۆیە کپ بووەتەوە باس ناکرێ. شایانی باسە ماوەیەک دزیکردن لە ماڵان لەو قەزایە دا بەرفراوان بۆتەوە و هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسیش کۆمەڵێ گومان لێکراویان دەستگیر کردووە.

* شەوی ٥-٥-٢٠٠٧ مەفرەزەیەکی پۆلیس بە سێ ئۆتۆمبیلەوە دەچنە گوندی خالۆ بازیانی و لەوێ بەمەبەستی ڕێگە پێشان دان( ڕێبەری) گەنجێک لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن ، مەفرەزەکە بەدوای هەواڵێکەوە دەرچوو بوون گوایە چەند تیرۆرست لەو دەوروبەرە بینراوان، بەڵام دوای گەڕانێکی زۆر بەگوندو باخ و دۆڵ و شوێنەکانی ناوچەکە هیچیان دەست ناکەوێ، کاتژمێر یەکی شەو لەجیاتی سوپاس و پێزانین بۆ دەلیلەکە کەچی لەگوندێکی دیکە بەجێی دێڵن، لەبەر ئەوە دەیووت" هەتا من بمێنم هاوکاری پۆلیس ناکەم"

* هەفتەی ڕابردوو لە تەپۆڵکەکانی قازان بڵاخ مەشقێکی سەربازی هاوبەش لەنێوان هێزەکانی ئەمریکاو پۆلیسی کەرکوک و قەزاو ناحیە کوردەکانی دەوروبەری ئەنجامدرا. هەرچەندە مەشقەکە تارادەیەک نهێنی بوو شوێنەکەشی لەبەر چاو نەبوو، بەڵام بەهۆی بەکارهێنانی هەندێ چەکی قورس و کۆپتەرەوە خەڵکی ناوچەکە لێی ئاگادار بوونەوە، لەکاتی مەشقەکەدا ئۆتۆمبیلێکی مەدەنی کە هاوڵاتی (ع_ج) تیا دەبێ بەوێدا دەڕوا بێ ئەوەی ئاگاداری ئەو مەشقەبێت کۆپتەرێک هەر بەناوی مەشقەوە تەقەی لێ دەکات تەنها بۆ مەبەستی ترساندنی، بەڵام ئەو وایزانیبوو ڕاستییە بۆیە لەتاواندا خۆی دەکات بەشوێنێکداو ئۆتۆمبیلەکەی وەردەگەرێ و کابرا بریندار دەبێ.

* ماوەیەک بەر لەئێستا لەلایەن کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بەگوێی خەڵکی کوردستان دراوە کە گوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان فرۆکەی کشتوکاڵی پەیداکردووەو لە کاتی پێویست بۆ قەلاچۆکردنی زیندەوەرە زیانبەخشەکان ئەوانەی کەبەشێوەیەکی بەربڵاو لە بەروبوومی کشتوکاڵی وڵاتییان دەدەن، بەکاری دەهێنێ، بەڵام ئێستا نیگەرانیەکی زۆر خەڵکی کوردستانی گرتۆتەوە بەرانبەر بەو بەڵێنانە، چونکە لەم بەهارەدا دەشتی هەولێر و مەخموور کشتوکاڵەکەیان تووشی نەخۆشییەکی کوشندە بووەو هیچیان بۆ نەکراوە، ئێستاش هێرشێکی بەرفراوانی گەورەی (کوللە) بۆ ناوچەکانی گەرمیان بەڕێوەیە و جوتیاران ترسێکی زۆریان لێ نیشتووە و لەهەندێ شوێن بەکۆمەڵی گەورەش (مار) پەیدابووە بابزانین حکومەت و فرۆکەکان چی دەکەن.